# ئەگەر دەسەڵاتی سیاسی کورد خۆی بە نوێنەری خەڵکی کوردستان دەزانێت دەبێت چ ئەرکێک لەسەر شانی خۆی دا بنێت!

**تایەر حاجی حەسەن**



ئەگەر دەکرێت ئێوەی دەسەڵاتدارانی سیاسی ئەمڕۆی کوردستان بەرپەرچی تەواوی ئەو ناڕەزایەتی و ڕەخنانەی خاڵکانی سادە و نوسەرانی ئازادیخوازی کوردستان بدەنەوە، ئەویش دەکرێت بەکردارێکی بەکردەوە بێنە مەیدان بۆ بنبڕ کردنی ئەو نەهامەتیانەی ڕووی لە ژیانی خەڵکی سادە کردوە.

بەڕێزانی دەسەڵاتداری سیاسی ئەمڕۆی کوردستان، هەر لەسەرۆکی هەرێمەوە تادەگات بە بەرپرسێکی مام ناوەندی ناو حیزبەکانتان و ئەو سیستمە بەناو دیموکراسیەتەی هەڵتان گرتوە، ئەمڕۆ لەهەرکات زیاتر خەڵکانی بەشمەینەتی کوردستان ژیان و گوزەرانیان ڕوو لە سەختی و ناهەمواریە لە سەرجەم کایەکانی ژیاندا، زۆربەی خەڵکی، ناڕازیە بەژیانێک کە هەیەتی، بەڵام نەبوونی ئاستی هوشیاریەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی وای لێکردوە تەنها خۆ خواردنەوە بکات بە دوا ستونی ژیانی. بێکاری و گرانی لە لایەک و ئاستی زۆر بوونی نەخۆشیە کوشندەکان لەلایەکی دیکە، بووە بەو دێوەزمەی هەر ڕۆژەو یەخە بە خێزانێکی هەژار دەگرێت.

لە کاتێکدا ئێوەی دەسەڵاتدار، سەرجەم هات و هاوارتانە بۆ ئەوەی، ژیانێکی باشتر هەبێت بۆ هەموان و خەڵکی وەک دوێنێ نەبن و خاوەن حورمەتێکی ئینسانیانەی خۆیان بن.

بەڵام کاتێک ئێوە ئەو بەڵێن و وتنانەتان لە ڕێگای میدیاکانی خۆتانەوە بڵاو دەکەنەوە، دڵنیام لەوەی ئێوە گەشتوون بە هەیمەنەتی دەسەڵاتی سیاسی و ئابوری خۆتان و ئاگایەکتان لەو پەتا بەربڵاوەی ناو کۆمەڵگا نەماوە. ئەگەرنا، دەبوا تائێستا ئاوڕێکتان لەو خەڵکە بەدبەختە بدایەتەوە و لانی کەم بتان توانیایە ببن بەو سەرکردە سیاسیەی کە مێژوو بتوانێت حورمەتێکتان بۆ دابنێت. ئێستا لە کوردستان و عێراقدا بێجگە لەو هەزارانەی لە ڕێگای شەڕو وکاری تیرۆریستیەوە تیاچوون و کوژراون، لەم لاشەوە بەتایبەتی لە کوردستان کە ئەرکی پارستنی لە ئەستۆی ئێوەی سیاسەتمەدارە، بەسەدان جۆری نەخۆشی کوشندە یەخەی بەو لاو و ئینسانە داماوانەی کۆملگە گرتوە.

دەکرێت ئێوە بە هۆکاری هاوردەی ئەم نەخۆشیانە بزانرێت، ڕەنگە ئەمە بۆخۆی زەحمەت بێت لە ڕوی تێگەیشتنەوە، بەڵام بۆ کەسانێک کە خوازیاری گرتنە دەستی ئایندەی سیاسی کۆمەڵگەیە لەم تیگەیشتنە تێدەگات. ئێوە لانی کەمی خەڵکی کوردستان پێک دێنن لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتیەوە، خۆتان خاوەنی سەروەت و سامانی کوردستانن، ملیاردەها دۆلارتان سەریەک ناوە، دیارە ئەم سەرمایە خەیاڵییەش تەنها بەرهەمی هەژارکردنی خەڵکانی سقیلە، ئەگەر نا کوردستان خاوەنی کارگەی زەبەلاح و پر کرێکار نیە تا بڵێین لە ڕەنجی کاری زێدەباییەوە قازانجەکانتان بەدەست کەوتووە. خۆ دەکرا بتوانن لانی کەمی ئەخلاقیاتی سیاسی سەرکردە و دەسەڵات لە ئەستۆ گرتن نرخێکی لاتان هەبوایە و برێک نرخی سامانی لاتان بهێنایەتە خوارەوە و هەندێک لەو سامانەتان بۆ جێگا تەندروستیەکان خەرج بکردایە، تا لانی کەمی ئەو نەخۆشیە کوشندانە چارەسەر بکرانەیە. کە سەبەب کاری دەرئەنجامی ئەو شەڕە ناڕەوایانەی دەسەڵاتی میلتاریزمی ئەمریکی و هێزە کۆنەپارێزەکانی ناو عێراق و ناوچەکەن. بۆ ناکرێت لە جێگای ئەو ڕابردوە تاڵە ئەمڕۆیەک و ئایندەیەکی خۆش گوزەران بۆخۆتان و سەرجەم کۆمەڵگە بنیات بنێن. مێژووی ڕابردوو خاوەنی دەیان ئەزمونی دەسەلاتە دیکتاتۆر و دڕندەکانە، بەڵام هەمیشە کۆتایی ئەو دەسەڵاتانە بە ئەندازەی دیکتاتۆر بونەکانیان بێڕەحمانە کەوتونەتە بەردەم لێشاوی تورەی کۆمەڵگاوە و لە مێژودا سڕاونەتەوە.

ئێوه ئەگەر دەتوانن بە پێچەوانەی سەرجەم ئەو ڕەخنانەی ڕووبەڕوتان دەبێتەوە، کارو چالاکیەکانتان ئەنجام بدەن، تێبکۆشن بۆ ژیانێکی شایستە بۆسەرجەم خەڵکی، ئەو کات دەتوانن ببن بە نوێنەری ڕاستە قینەی ئەو خەڵکەو دەمکوتی ئەو ناڕەزایەتیانەش لە ڕێگەی کردەوەکانتانەوە بە دیاردەکەوێت، نەک لە ڕێگای سەرکوت کردنەوە.

خۆ وایە ئەگەر ئێوە خۆتان بە نوێنەری ئەو خەڵکە ڕەشوڕوتە بزانن  کە تا دوێنێ پشت و پەناتان بوون و قوربانی زۆریان لە پێناو ئێوە و ئایدۆلۆژیاکەتاندا دا، دەکرێت ئێستا ئێوەش هەست بەئازارەکانیان بکەن و بتوانن ژینگەیەکی تەندروست و کۆمەڵگەیەکی تەندروست بەرهەم بهێنن.
ئێوە لەبەردەم دوو تێڕوانینی مێژوویدان؛ (هیتلەر لەسەر زمانی ڕاوێژکارەکانیەوە دەگێڕنەوە دیارە لەکاتی جەنگی دوەمی جیهانیدا دەڵێت؛---ئێمە هەموو تەمەنمان لە جەنگدا بەسەر برد کەواتە ئێستا وەختی قاتوقڕکردنە--- دیارە مەبەستی هێرشکردنە سەر سۆڤیەتی جاران بوە.
ستالینی سەردەمیشی بۆ بارودۆخۆی ژیان و گوزەرانی خەڵکی روسیا وتی( لینین کۆمەڵگەی بۆبنیات ناین بەڵام ئێمە خاپورمان کرد).
منیش دەڵێم ئەگەر سەدام و رژێمەکەی کۆمەڵگای عێراقیان خاپور کرد با ئێوە بتوانن بنیاتی بنێنەوە!

هۆڵەندا
2008/06/18
تێبینی/ ئەم دوو وتەیە، لە بەرنامەیەکی تایبەت بە جەنگی دووەمی جیهان، لە کوردسات تیڤیەوە بەرواری2008/06/17 پەخشکرا، وەرگیراوە.